

# تیۆریی کات و شوێن لە لای پلاتۆن

کاوە جەلال

### پێشەکی

پلاتۆن بە تایبەتی لە دیالۆگی «تیمایۆس»دا[1]، لە ڕوانگەی فەلسەفە دوالیستییەکەیەوە کە جیاوازی لە نێوان دوو جیهانی ئەزموون و ئیدێدا دەکات، گۆڕان بە تیۆریی کات و شوێن دەدات. لە «باسی یەکەم»ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەك دەروازەیەکی پێویست بۆ چوونە نێو تیۆریی کات و شوێنەوە، لەژێر ناوی «فەلسەفەی ئیدێکان»دا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو جیهانەی ئەزموون وەك دەروێنە و ئیدێکان وەك سەروێنە دیاری دەکەین. بەڵام جیهان یان گەردوون لە ڕوانگەی پلاتۆن هەبوویەك نییە لە خودی خۆیەوە، بەڵکو هۆکارێکی هەیە و بریتییە لە دەمیورگ (خوا)، کە لە «هیچ»ەوە، لە «نەبوون»ـەوە (العدم) گەردوون ناخولقێنێ، بەڵکو تەنها لە «چاکیی» خۆیەوە چوار توخمە سەرچاوەییەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، کە پێش دروستبوونی گەردوون لە دۆخێکی نارێکخراودا بوون، ڕێکدەخات، لێرەشدا ئاوڕ لە بوونی ئەزەلیی دەداتەوە و وەك سەروێنەی ڕێکخستنەکە وەریدەگرێ.

«کات» بۆ یەکەم جار لەتەك سەرهەڵدانی گەردووندا دێتە ئاراوە (باسی دووەم، بەشی یەکەم). خوا بە بینینی بزووتن و جوانیی گەردوون «شادمان» دەبێ، هەر بۆیە بڕیار دەدات کە گەردوونی ئارایی هەتا ڕادەی شیان لە سەروێنەکەی، واتا لە بوونی ئەزەلی، بچوێنێ؛ ئێستا ڕێکخراوییەك لەسەر بناغەی فۆرم و ژمارە بە گەردوون دەدات، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە ناوی دەنێین «کات». بەڕێی کاتەوە «بوونی ئەزەلی» لە «ئامادە» (الحاضر)دا بەشداری دەکات. بەڵام هەردوو فۆرمەکەی دیکەی کات، واتا ڕابوردوو (بوو) و ئاینده (دەبێ)، بریتین لە بزووتن و لەتەك خودی کاتدا سەریان هەڵداوە. لە بەشی دووەمدا، لەژێر ناوی «سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابوردوو و ئامادە و ئاینده»دا، پەیوەندیی نێوان ئەم سێ فۆرمەی کات ڕوون دەکەینەوە.

لە «بەشی سێیەم»دا، لەژێر ناوی «کات وەك دەروێنەی بزاوتووی ئەزەلییەت»، ڕوو دەکەینە کێشەی بزووتن و پێوانی کات. لەبەر ئەوەی فۆرمەکانی ڕابوردوو و ئایندەی کات نیشانەن بۆ ئەوە، کە کات بە هەمان شێوەی گەردوون دەروێنەییە، ئەوە کاتیش دەبێ مۆرکی بزووتن لەخۆ بگرێ، بێگومان بزووتنێك کە پێویستیی بە پێوان، یان بە زمانی پلاتۆن، بە ژماردن هەیە. پلاتۆن سووڕی خولگەیی پلانێتەکان وەك پێوەر وەردەگرێ.

بەڵام «کات» هەروەها بریتییە لە «دەروێنەی ئەزەلیی ئەزەلییەت» (بەشی چوارەم)، چونکە کات، پەیوەست بە «ئامادە»وە، بریتییە لە گەیەنەری بوونی ئەزەلی بە گەردوونی ئارایی. کەواتە مۆرکی کات لە لایەك بریتییە لە بزووتن، بەڵام کات لە لایەکی دی بە چەشنێك لەنێو ئەزەلییەتدا ئامادەیە، کە ئیتر لە ڕوانگەی پلاتۆن نەتوانین بەبێ کات سەبارەت بە ئەزەلییەت لێبهزرێین.

بەڵام ئەم دوو ڕەگەزەی ئەزەلییەتی سرەوتوو و گەردوونی ئارایی لە ڕوانگەی پلاتۆن بەس نین بۆ زانینی گەردوون، چونکە هەموو دۆخگۆڕییەك، واتا هەموو سەرهەڵدان و لەناوچوونێك، «لەنێو شتێکدا» ڕوو دەدات. ئێمە لێرەدا بە پرسیاری «شوێن» دەگەین، چونکە شوێن خۆی ئەو شتە نادیارەیە، کە لە نێویدا دۆخگۆڕییەکان ڕوو دەدەن. بەم شێوەیە لە «باسی سێیەم»دا پرسیاری شوێن دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. لە «بەشی یەکەم»ی ئەم باسەدا، لەژێر ناوی «زەرووره وەك هۆکارێکی لاوەکی»، بەوە دەگەین، کە «خوای ئاقڵ» تاکە هۆکارێکی گەردوونی ڕێکخراو نییە، بەڵکو هۆکاری «زەرووره»ش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، یان پوختتر ببێژین، خوای ئاقڵ قەنائەت بە «زەرووره» دەهێنێ، کە ئەوەی جارێ خۆی لەنێو دروستبووندا دەبینێتەوە، بخاتە باشترین دۆخەوە و ئینجا لە سەرەنجامدا گەردوونی دیار سەرهەڵدەدات.

لە بەشی دووەمدا، لەژێر ناوی «هەڵگرە نادیارەکەی دۆخگۆڕی»دا، شوێن دەخەینە ژێر دانوستاندنەوە.

پلاتۆن بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری زەرووره لە سروشتی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، پێش سەرهەڵدانی گەردوون، دەڕوانێتەوە. لێرەدا بەو زانینە دەگەین، کە شوێن پێش سەرهەڵدانی گەردوون وەك زەروورەیەك لەنێو خۆیدا دۆخگۆڕییەکانی چوار توخمەکەی هەڵگرتووە، هەروەها لەنێو گەردوونی ڕێکخراودا هەڵگرێکی نادیاری زەروورییە بۆ سەرجەم دۆخگۆڕییەکان.

بەڵام هاوکات گەرەکە ئاماژە بۆ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بدەین، لێرەشدا سێ مەبەستی گرنگ دێنە پێشەوە: یەکەم، وەك مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە، کە تێگەیشتن لەم تیۆرییەی کات و شوێن لە لای پلاتۆن واتای نزیککەوتنەوە لە هزری ئەو دەگەیەنێ و لێرەشەوە ئەم کارە دەتوانێ جێگەیەك لەنێو دانوستاندنی ئەکادیمییانەی پلاتۆندا وەربگرێ؛ دووەم ئێمە لەنێو مێژووی تیۆرییەکانی کات و شوێندا، کە هەتا ئەمڕۆ بەمێژوویی لەژێر دانوستاندان، لە یەکێك لە تیۆرییەکانی ئەنتیکە کۆڵیوینەتەوە، ئەمەش لە ڕووی مێژوویی-فەلسەفییەوە بەواتایە؛ سێیەم هەتا ئەمڕۆ بە کوردی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانەی تیۆریی کات و شوێن لە لای پلاتۆن نییە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەشێ ببێ بە زەمینەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەم بوارەدا.

**١- فەلسەفەی ئیدێکان**

لە ڕوانگەی پلاتۆن جیهانی دیار، کە ئێمە بەڕێی سێنسەکانمانەوە پێرسەپتی دەکەین، لە خۆیەوە نییە، بەڵکو بە بناغەیەکەوە بەندە و ئەم بناغەیەش تەنها بەڕێی خۆیەوە هەیە. پلاتۆن ڕوو دەکاتە «بوونەوەر»ی هەردەم هەبوو، کە بوونێکی سەرمەدیی هەیە و ئێمە تەنها بەڕێی ئەقڵی پەتییەوە (نووس) لێی تێدەگەین، هەروەها ڕوو دەکاتە «جیهانی ئارایی»، کە هەرگیز ناشێ بوونەوەر بێ و ئێمە تەنها بەڕێی سێنسەکانمانە پێرسەپتی دەکەین[٢]. بەڵام هەر شتێك، کە ئارایی (ئەمپیری) بێ، واتا ئەزەلی نەبێ و خۆی لەنێو دۆخگۆڕیدا ببینێتەوە، ئەوە ئەو شتە دەبێ بە زەروورە «هۆکار»ێکی هەبێ. بەم پێیە ئێمە لە فەلسەفەکەی پلاتۆندا سێ فاکتەرمان هەیە: جیهانی ئەزموون، جیهانی ئیدێکان، هەروەها هۆکار یان خوا.

خوا، یان بە واتایەکی دیکە، ئیدێی چاکە، بۆ خۆی بەرەهایی هەیە. بەڵام پلاتۆن لە خوایەکی ڕەهاوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لە شیکاریی زانینەوە[٣]. «ئەوەی لە لای پلاتۆن بۆی هەیە لە واتایەکی فەلسەفییانەدا ناوی خوا بێ، ئەو هۆکارەیە، کە بەشداریی (مێتێکسیس) لە چاکەدا دەشێنێ، چونکە خۆی لە-خۆدا-چاکە و وەك چاك بێبەخیلییە»[٤].

فاکتەری دووەم بریتییە لە بوونی سەرمەدی و سەروێنەیی ئیدێکان، واتا «فۆرمە سەرەتاییە هەرگیز نەکشاوەکان»[٥]، کە بۆ خۆیان وەك بوونەوەر کایەیەکی تایبەتمەند و جیاکراوە لە جیهانی ئەزموون پێکدەهێنن و پلاتۆن ناوی دەنێ «ئیدێنتیتێ»[٦].

جیهانی ئەزموون، وەك فاکتەری سێیەم، تەنها دیاردەی ئیدێیە لە واتای دەروێنەی ئیدێدا. جیهانی ئەزموون بۆ پلاتۆن بریتییە لە سەرجەم جەستەیەتی لەنێو کات و شوێندا، کە بە لەناوچوون و نائارامیی تایبەتمەندە. بەڵام پلاتۆن ئەم جیهانە بەرەنگاری جیهانی ئیدێکان ناکاتەوە، بەڵکو جیهانی ئەزموون دەخاتە پەیوەندیی بەشداریکردنەوە لە ئیدێکاندا، لێرەشدا پەیوەندییەکی سەروێنەیی-دەروێنەیی لەنێوان هەردووکیاندا دیاری دەکات، تاکو هەردوو جیهان بەرانبەر یەکتری نەوەستنەوە. بەم پێیە لە لایەك جیهانی ئیدێکان، وەك بوونەوەری ڕاستەقینە، هەیە و تەنها بەڕێی زەینەوە شیاوی لێهزرینە، لێرەشدا گەرەکە هزرڤان وەك زەرووری یان وەك لە-خۆدا-هەبوو و بۆ-خۆ-هەبوو لێی بهزرێ. بە پێچەوانەوە جیهانی ئەزموون، کە تەنها بابەتی پێرسەپتکردنە، خۆی لە ئاراستەیەکی بەشداریکەرانە لە بووندا دەبینێتەوە، بە واتایەکی دیکە تەقەلا دەدات بۆ ئەوەی بە بوونێك بگات.

پلاتۆن لەم بنەما فەلسەفییەوە گۆڕان بە گەردووناسییەکەی دەدات، بەڵام ئەوە لە بنەڕەتدا گەردووناسی نییە لە واتای زانینی گەردووندا، هەروەها پلاتۆن خۆیشی داوای ڕاستیی بۆ ناکات، بەڵکو داوای «ڕەنگەیەتی»ی بۆ دەکات و سەرهەڵدانی گەردوون لە هۆکارێکەوە ناو دەنێ «ئەفسانەیەکی ڕاست».

**٢- سەرهەڵدانی کات لەتەك ڕێکخستنی گەردووندا**

**١-٢ ڕێکخستنی گەردوون**

لە باسی یەکەمدا ئەو سێ فاکتەرەمان دیاری کرد، کە بۆ تێگەیشتن لە تیۆرییەکەی پلاتۆن سەبارەت بە گەردوون نەشیاوی دەستبەردارین، واتا خوا، جیهانی ئیدێکان و جیهانی ئەزموون (گەردوون). پلاتۆن بۆ سەرهەڵدانی گەردوون گریمانەی کردارێکی خوایانە دەکات، چونکە گەردوونی دیار و شیاوی پشکنین، کە خۆی لەنێو دۆخگۆڕیدا دەبینێتەوە، دەبێ لە «هۆ»یەکەوە دروست بووبێ. ئێمە لێرەدا ڕوانگەیەکی هۆئەنجامی (کاوسالێتی)ـمان هەیە: هەر شتێك، کە لە دروستبووندا بێ، دەبێ هۆیەکی هەبێ. پرسیار سەبارەت بە شتێك، کە خۆی لەنێو دروستبووندا دەبینێتەوە، پاڵنەر دەبێ بۆ ئەوە کە «دەربارەی بناغەکەی پرسیار بکرێ»؛ پلاتۆن «دەمیورگ و ڕوانینەکەی وەك هۆکاری شتێکی لە-دروستبووندا-بوو» دیاری دەکات[٧].

بەڵام دەمیورگ (خوا) لە «هیچ»ـەوە گەردوون ناخولقێنێ، بەڵکو «دوو پێکهاتەی بناغەیی» لە بەردەم خۆیدا دەبینێتەوە: «یەکێکیان بریتییە لە جیهانی سەروێنەکان (...)، جیهانی ئیدێ نەگۆڕ و دروستنەبووەکان»، کە خوا لێوەیان دەروێنەیەك دروست دەکات، ئەوی دیکەیان بریتییە لە «شوێن» وەك «کەرەسەی کردگاریی (و) دەمیورگ دەستوور و ڕێکخستن بۆ نێو بزووتنە بێدەستوورەکەی دەهێنێ»[٨]. ئەم ڕێکخستنەی شتە دیارە نارێکخراوەکان بریتییە لە گرنگترین پنتی دەرچوون ڕووەو «ڕێکخراویی گەردوون»[٩].

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە لەبەر چ هۆیەك خوا دەست دەنێتە نێو نارێکخراویی شتە دیارەکانەوە و لێرەشدا بوونی ئەزەلی وەك سەروێنەی گەردوونێکی ڕێکخراو وەردەگرێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لە پاساوەکانی پلاتۆنەوە سەرەتا بگرین: گەردوونی ڕێکخراو «جوانترینی» سەرجەم شتە دروستبووەکانە[١٠]، بەڵام لەبەر ئەوەی جوانترینە، ئەوە دەبێ خوای ڕێکخەر لەکاتی ڕێکخستنیدا ئاوڕی لە بوونی ئەزەلی، بە واتایەکی دیکە، لە ئیدێی گەردوون دابێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئەو دەروێنە ڕێکخراوە هێندە کامیل و سەرجەمییە و هاوکات بە دەروون و ژیان تەنراوە. هۆی ئەم ڕێکخستە بۆ «چاك»ی خوا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چاکە، ئەوە نەشیاوە لە «چاك» بەخیلی (فتۆنۆس) بووەشێتەوە[١١]، لێرەشەوە ئیتر ئەو ویستوویەتی کە گەردوونی ئەزموونی هەتا ڕادەی شیان لە خۆی بچێ. چاکە سووك و ئاسان ناشێ سۆزی هەبێ، بەڵکو ئەو تەنها دەشێ چالاکیی ئاراهێنەر ئەنجام بدات.

بەڵام هێشتا هەر بە گرنگترین پرسیاری گەرەکی وەڵامدانەوە بەندین، پرسیارەکەش ئەوەیە، کە ئایا ئێمە دەبێ لە دەمیورگ (خوا) چی یان کێ تێبگەین؟ ئایا ئەو وەك «ئیدێی چاکە» لە خودی ئیدێی چاکە، واتا لە خودی خۆی دەڕوانێ؟ دەرچۆیەکی سەرەتایی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەشێ سەرلەنوێ پرسیاری ڕێکخراوی (کۆسمۆس) و نارێکخراوی (کائۆس) بێ. پلاتۆن لە دیالۆگی «فیلێبۆس»دا سەرجەم جوان و چاك، ئەقڵ و دەروون، سەرجەم ژیان، بەتایبەتی ژیانی گەردوون، بە یەك تاکە پرنسیپی دوایەمینەوە بەند دەکات، کە بریتییە لە پرنسیپی «دیاریکردنی دیارینەکراوی»، بە کورتی بریتییە لە پرنسیپی یاسا[١٢]. ئێمە دەتوانین ئەمە وەك وەڵامێك بۆ پرسیارەکەمان وەربگرین: خوا و هۆکار، جوانترین و چاکترین، ئەم «ئەمە»یە بەگشتی لە پرنسیپی دیاریکردن جیاناکرێتەوە. ئەم خوایە، کە لەتەك خۆیدا یەکانگیرە، نەك لە ئیدێکان جیاناکرێتەوە، بەڵکو لە خودی ئیدێ وەك ئیدێ نەشیاوی جیاکردنەوەیە. بەڵام خوا توخمێکی کۆنکرێت نییە و خۆی لەوبەر ئیدێکانەوە ببینێتەوە، ئینجا لە ئیدێکان بڕوانێ و لەم ڕوانینەیەوە گەردوون وەك دەروێنەی ئیدێ دروست بکات، بەڵکو ئەو وەك ئیدێی ئیدێ، یان وەك یاسای یاسامەندی، یان وەك دیاریکردنی دیارینەکراوی، خودی خۆی ڕیالیزە دەکات. بەڵام لە لایەکی دیکەوە تەنها کاتێك گەردوونی ئەزموونی کارایی (فونکسیۆن) وەردەگرێ، گەر ئیدێکان (واتا دیاریکراوی) بۆ نێو دیارینەکراوی بهێنرێن، ئەم بۆنێوهاتنەش بریتییە لە «دروستبوون ڕووەو بوون»[١٣].

خوا یەك «تاکە» گەردوون دەفۆرمێنێ، کەواتە دەبێ ئەم تاکە گەردوونە هەتا ڕادەی شیان کامیل بێ[١٤]، بە واتایەکی دیکە هەتا ڕادەی شیان هاوشێوەی خوا خۆی بێ. بۆیە دوای ئەوەی «خوای هەمیشە هەبوو» دەبینێ، کە گەردوون پڕژینە و «دەبزوێ»، واتا گەردوونێکە «کە بە بوون دەبێ»[١٥]، ئیتر بەم بینینە «شادمان» دەبێ و بڕیار دەدات، کە گەردوونی دەروێنەیی لەوەش زۆرتر لە سەروێنەکەی بچوێنێ، واتا دەیەوێ بە چەشنێك کامیلێتی بە گەردوون بدات، کە ئیتر بگات بە دۆخی ئەزەلییەتی سەروێنەیی. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزەلییەتی سەروێنەیی سروشتێکی ئەزەلیی هەیە و نەشیاوی لەناوچوونە، ئەوە مەحاڵە ئەو چۆنێتییە بەپڕیی بە دەروێنەکەی بدرێ. هەر بۆیە خوا بڕیار دەدات، کە «دەروێنەیەکی بزۆکی ئەزەلییەت» بفۆرمێنێ، ئەم دەروێنە بزۆکەش ئەوەیە کە ئێمە ناوی دەنێین «کات»[١٦]، بەڵام گرنگ لێرەدا بۆ ڕەوتی بەردەوام و نەگۆڕی گەردوون ئەوەیە، کە پێکەوە لەتەك ئەم دەروێنە بزۆکەدا سەرجەم «کاتەکانی دی»، واتا ڕۆژ و شەو، هەیڤ وساڵ، دێنە ئاراوە[١٧].



### ٢-٢ سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابووردوو و ئامادە و ئایندەدا

پلاتۆن سوود لە سێبەشکردنی کات بەسەر ڕابوردوو و ئامادە و ئایندەدا وەردەگرێ، بەڵام هاوکات دەیخاتە ژێر ڕەخنەوە. ڕەخنەکەی بە تایبەتی ئاڕاستەی «هەیە» (ـە/ is)ی ئامادە دەبێتەوە. وەك لە سەرەوە پێشانمان دا، کات لەتەك ڕێکخستنی گەردووندا دێتە ئاراوە و ئەم گەردوونەش بریتییە لە دەروێنەی بوونی ئەزەلی. بوون لە دیدی پلاتۆنەوە تەنها بەڕێی کاتەوە دەتوانێ لە ئامادەدا بەشداری بکات، بەڵام فۆرمەکانی «بوو» و «دەبێ» بریتین لە بزووتن و لەتەك کاتدا سەریان هەڵداوە. «بوو» واتای لکاندنی کات بە ڕابوردووەوە، بەڵام «دەبێ» واتای لکاندنی کات بە ئایندەوە دەگەیەنێ. کەواتە بوون خۆی لە «ئێستاکات»دا دەبینێتەوە و دەکەوێتە نێوان «بوو» و «دەبێ»وە. بوون لە ڕەوتەکەیدا لە «زووتر»ەوە ڕووەو «درەنگتر» ناتوانێ بەسەر ئامادەدا باز بدات، هەر بۆیە دەبێ بەر ئامادە و درەنگتر بکەوێ. کاتێك ئامادە بەردەدات و درەنگتر دەگرێ، ئەوە ئیتر لە نێوان هەردووکیاندایە[١٨].

لەنێو ئامادەدا «هەیە»ی یان «ـە»ی (is) هەمیشە بەردەوام دەردەکەوێ. کاتێك ئێمە لە ڕابوردوو دەدوێین، ئەوە لێرەدا مەبەستمان لە نەماوێکە؛ هەروەها ئێمە پەیوەست بە ئایندەوە لە هێشتا نەهاتوویەك دەدوێین. تەنها ئامادە ئامادەیە (پرێزێنتە). بەڵام ئامادە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ڕابوردوو و ئایندە، بەبێ ئەوەی بتوانێ بوونێکی سەربەخۆ ئاوەڵا بکات. کەواتە ئامادە ناتوانێ ببێ بە بوون، بەڵکو وەك نابوونەوەرێك دەمێنێتەوە[19].

گەرچی کات، لەو ساتەدا کە لە نێوان ڕابوردوو و ئایندەدایە، لە بووندا بەشداری دەکات، بەڵام لەوێدا، "کە بوون ڕووەو ئارایی وەردەگۆڕرێ، بەشداری ناکات"[20]. ئەم وەرگۆڕینەی بوون بۆ ئارایی لە «سات»

(لحظة)دا، له «کتوپڕی»دا، ڕوودەدات، بەڵام وەرگۆڕینەکە لەنێو سرەوتنی سرەوتووەوە یان لەنێو بزووتنی بزاوتەوە نایەت، بەڵکو «سات» لەنێو پنتی نێوان بزووتن و سرەوتندا نیشتووە، بەبێ ئەوەی خۆی لەنێو کاتدا ببینێتەوە. لەنێو سات و لە ساتەوە بزاوت خۆی بۆ سرەوتوویی و سرەوتوویش خۆی بۆ بزووتن، وەردەگۆڕێ[٢١].

کەواتە پەڕینەوەی بوون ڕووەو ئارایی لە کاتدا ڕوو نادات، بەڵکو لە ساتدا لە نێوان دوو یەکەی (ئینتەرڤالی) کاتدا. ئەم ساتە ئامادەیەکی هەنووکەیی (ئەکتوێل) گەرەك نییە، چونکە لە دەرەوەی کاتدایە[٢٢].

«ئارایی» بەوە تایبەتمەندە، کە بێسنووری و کراوەیی کات پێشان بدات. لێرەدا دۆخگۆڕییەکان هەتا بێدوایەکی دەخایەنن. بەڵام مەبەستی پلاتۆن ئەوەیە، کە داخراوی و یەکایەتی و سەرجەمێتی بەدیبهێنێ. پلاتۆن بە یاریدەی فۆرمی خولگەیی کات هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەم سەرجەمێتییە مسۆگەر بکات. ئەمەش بەو ڕێیەوە دێتە گۆڕێ، کە کۆتایی بزووتنە خولگەییەکە بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە و بەمەش هەردووکیان یەکدەگرنەوە. ئەمە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری نەسازییەکان.

### ٣-٢ کات وەك دەروێنەی بزاوتووی ئەزەلییەت

بۆ ئەوەی لە کات وەك دەروێنەی ئەزەلییەت تێبگەین، دەبێ سەرلەنوێ لە دوالیزمی جیهانی ئیدێ و جیهانی ئەزموون بڕوانینەوە. مۆرکی جیهانی ئیدێ بریتییە لە سرەوتوویی و نەگۆڕین، بەڵام مۆرکی جیهانی ئەزموون بە پێچەوانەوە بریتییە لە بزووتن و ئارایی. پلاتۆن دەروێنەی ئەزەلییەت لەنێو کایەی ئەزموونیدا دیاری دەکات. وەك گوتمان، مۆرکە سەرەکییەکەی ئەم کایەیە بریتییە لە بزووتن. کەواتە گەر «کات» دەروێنەی ئەزەلییەت بێ، ئەوا دەبێ مۆرکی بزووتن لەخۆ بگرێ.

بەڵام ئایا بزووتنی کات چ جۆرێکە؟ پلاتۆن سەرەتا پەیوەست بەم پرسیارەوە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی بزووتندا دەکات، بۆ ئەوەی «لایەنی کەم جۆرێکی تایبەتیی بزووتن لەتەك (ئەزەلییەتی - و) سرەوتوودا بگونجێنێ»، لێرەشدا بزووتنی خولگەیی بێسنوور و یەکئاڕاستەیی وەردەگرێ، ئینجا ئەم جۆرە بزووتنە لە نێوان ئەزەلییەتی سرەوتوو لە لایەك، هەروەها بزووتنی بێسنوور و هەوەسداری نێو ئارایی‌دا لە لایەکی دی، دادەنێ. ئەم بزووتنە خولگەییە بێسنوورە بزووتنێکە کە هۆکارەکەی لەنێو خۆیدایە[٢٣].

مۆرکە کرۆکییەکەی بزووتنی خولگەیی ئەوەیە، کە ئەم جۆرەی بزووتن دوو لایەن لەخۆ دەگرێ: دوایەکێتی و بێدوایەکێتی. بزووتنی خولگەیی لەو واتایەدا دوایەکییە، کە بزووتنەکە هەمیشە بۆ نێو خۆی دەگەڕێتەوە، واتا کۆتاییەکەی خولگەییانە بۆ نێو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە و بەمەیش فۆرمێکی داخراو و دوایەکی دەخاتەوە؛ بەڵام بزووتنی خولگەیی لەو واتایەدا بێدوایەکییە، کە سووڕە خولگەییەکە (دوایەکییەکە) هەتا بێدوایەکی شیمانەی چەندپاتکردنەوە لەخۆ دەگرێ و ئەمەیش، سەرباری چەندپاتییەکە، بەرەوپێشچوونێکی بێدوایەکی پێکدەهێنێ[٢٤].

بەڵام لەتەك کاتدا هەروەها سەرجەم جۆرەکانی کات، واتا ڕۆژ و شەو، هەیڤ و ساڵ، سەریان هەڵداوە. کەواتە پێوەرێك بۆ پێوانی کات پێویست دەبێ. پلاتۆن «ژمارە» وەك پێوەری کات دادەنێ: ژمارەکان دەخاتە پاڵ بزووتنەکە، کە ئیتر لێرەوە کات بە دەسوێژی بزووتن دەپێورێ و پۆلێن دەکرێ. بەڵام ڕیزی ژمارەکان، کە هەتا بێدوایەکی درێژ دەبێتەوە، داوای بزووتنێك دەکات کە هەتا بێدوایەکی درێژ ببێتەوە[٢٥].

پلاتۆن پێوانی کات لە سووڕی خولگەیی دیاردە ئۆبژێکتیڤییەکانی ئاسمان، واتا پلانێتەکان، وەردەگرێ. پلاتۆن سەرهەڵدانی پلانێتەکان بۆ دانایی خوا دەگەڕێنێتەوە، داناییەك، کە ئاڕاستەیەك بە مەبەستەکەی دەدات: خوا لە پێناوی سەرهەڵدانی کاتدا خۆر و مانگ، هەروەها پێنج پلانێتەکە، دەفۆرمێنێ، هەر بەم ڕێیەشەوە شیمانەیەك دێتە ئاراوە تاکو ئەو ژمارانە جیابکرێنەوە کە بۆ پێوانی کات پێویستن[٢٦].

سووڕی پلانێتەکان درێژیی کات دیاری دەکەن، ئەویش کاتێك بۆ هەر سووڕێك ژمارەیەك دادەنرێ و ئەمەش هەتا بێدوایەکی دەخایەنێ. لە نێوەندی گەردووندا زەمین هەیە، کە خۆی لە بزووتنەوەیەکی سووڕاوە بە دەوری خۆیدا دەبینێتەوە. پلانێتەکانیش دوو جۆر بزووتنیان هەیە: بزووتنێك بە دەوری خۆیاندا و بزووتنێکی بازنەیی بە دەوری زەمیندا، بەڵام ئەم بزووتنەیان لە میانەی جیاواز و گوڕ و لاریی گۆشەی جیاوازدا ڕوو دەدات. لەتەك هێڵی سووڕانەوە خۆییەکاندا شێوەی خۆیی کات یەکدەگرێتەوە. بۆ نموونە لە ئەنجامی سووڕانەی زەمیندا ڕووەو ئاسمانی ئەستێرە سرەوتووەکان ڕۆژ دێتە ئاراوە، لە ئەنجامی سووڕانەوەی مانگدا هەیڤ چێدەبێ و لە ئەنجامی سووڕانەوەی خۆردا ساڵ[٢٧].

## ٢-٤ کات وەك دەروێنەی ئەزەلیی ئەزەلییەت

لە سەرەوە، لە بەشی سێیەمی ئەم باسەدا، ئەوەمان ڕوون کردەوە، کە کات بریتییە لە دەروێنەی ئەزەلییەت و مۆرکی دەروێنەش بریتییە لە بزووتن. بەڵام پلاتۆن هەروەها کات وەك دەروێنەیەکی ئەزەلیی ئەزەلییەت دیاری دەکات. ئێمە لەم حاڵەتەدا گەرەکە لە تێگەیشتنی پلاتۆن بۆ گەردوون بڕوانینەوە، کە تێگەیشتنێکی ماتماتیکی-مەزەنەییە. پلاتۆن لەو بڕوایەدا بوو، کە گەردوون وەك سەرجەم فۆرمێکی گۆیی هەیە، چونکە ئەمەش بێگومان پەیوەست بە مەبەستە فەلسەفییەکەیەوە، تەنها گۆ لە ڕووی ماتماتیکییەوە بەرەهایی کامیلە. بەڵام لەبەر ئەوەی گەردوون لە ڕوانگەی ئەو جەوهەرێکی زیندووە و هەروەها دەروونێکی هەیە، کە سەرجەم شوێن پڕدەکاتەوە، ئەوە گەردوون هاوکات خاوەنی ژیانە و ئەمەش بە واتای گەردوون لە بزووتندایە. ئەم بزووتنە بۆ پلاتۆن تەنها دەشێ بزووتنی «خولگەیی (ڕۆتاسیۆن) بێ، چونکە تەنها بزووتنی خولگەیی کامیلترین» بزووتنە[٢٨].

بەم پێیە سووڕانەوەی گەردوونی گۆئاسا بە دەوری خۆیدا نیشانەیە بۆ «کامیلێتییەکەی». گەردوون بەهۆی ئەم کامیلێتییەوە دەتوانێ لەتەك خۆیدا وەك «خوایەکی بەختیار»[٢٩] هەڵبکات. لەم ڕوانگەیەوە خوا بە دروستکردنی «خوایەکی ئەزەلی» هەڵدەستێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خوا ئەزەلییە (ئەم گەردوونە) هەتا ڕادەی شیان لە ئەزەلییەت بچێ، ئەوە خوا لەنێو کاتدا دەیفۆرمێنێ. بۆیە پلاتۆن ئەو کاتە، کە بە گەردوون دراوە، ناو دەنێ دەروێنەیەکی ئەزەلی، واتا «مۆرکی کایەی ئەزەلی بەسەر کایەی کاتدا تەتبیق دەکات و لێرەشەوە شیمانەیەك بۆ لێچواندن دەهێنێتە ئاراوە، تاکو بەرێیەوە بتوانین دەروێنەکە بە سەروێنەکە بچوێنین». بەڵام کات وەك «دەروێنەی ئەزەلی سەرباری ئەمەیش لە ئەزەلییەت جیاواز دەمێنێتەوە، چونکە سرەوتوو نییە، بەڵکو دەبزوێ»[٣٠].

لەبەر ئەوەی کات، وەك دەروێنەی ئەزەلییەت، سەرەتا و کۆتایی هەیە، ئەوە جیاوازە لە ئەزەلییەت، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەزەلییەت سەرەتا و کۆتایی نییە، بە واتایەکی دیکە لەوبەر سەرەتا و کۆتاییەوە هەیە، ئەوە ئەزەلییەت سەرمەدییە: لەوبەر کاتەوەیە. کات و گەردوونی ئەزموونی لە لای پلاتۆن هاوشێوەییەکی نزیکیان لە یەکتری هەیە: چۆن کات دەروێنەی ئەزەلییەتە، ئەوهایش گەردوونی ئەزموونی دەروێنەی ئیدێی گەردوونە. یان: پلاتۆن لە «خوای هەمیشە هەبوو» دەدوێ، ئینجا گەردوون لەتەکیدا دەخاتە پەیوەندییەوە و ناوی دەنێ ئەو خوایەی کە «بە بوون دەبێ»[٣١]. مەبەستی پلاتۆن لە دانانی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە بەرێیەوە ئاماژە بۆ تاکێتیی گەردوونی ئەزموونی بدات.

وەك لەسەرەوە پێشانمان دا، پلاتۆن فۆرمێکی گۆیی بە گەردوون دەدات، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاراستەیەکدا هاوکێش بێ. بەڵام چۆن فۆرمی گۆیی بۆ گەردوون گونجاوە، ئەوهایش سووڕی خولگەیی بۆ کات فۆرمێکی گونجاوە، چونکە مۆرکەکەی بریتییە لە یەکسانییەکی یەکلایەنی. سووڕی خولگەیی ئەو فۆرمەیە، کە بەرێیەوە

ئەم جیهان بە ئەوجیهان، واتا کایەی ئارایی بە کایەی ئەزەلی، دەگەیەنرێ: ئەم «فۆرمە دەروێنە»ییەی کات چ سەروێنە و چ دەروێنە بەیەك دەگەیەنێ و پێکەوە دەلکێنێ[٣٢]. لە لایەك فۆرمی خولگەیی بریتییە لە داخراوی و یەکایەتی و سەرجەمێتی، ئەمەش بەوە، کە بزووتنێکی بۆ نێو خۆ گەڕاوەیە، بەڵام فۆرمی خولگەیی لە لایەکی دی بریتییە لە کراوەیی و بێدوایەکێتی، چونکە بزووتنەکەی توانای چەندپاتکردنەوەی بێدوایەکییانەی هەیە. کات لە شێوەی یەکەمدا خۆی بە ئەزەلییەتی سەروێنەییەوە دەلکێنێ، واتا بەو ئەزەلییەتەوە کە یەکایەتی و سەرجەمێتییەکی لە خۆدا داخراو و هێشتا لەنێو خۆوە دەرنەچوو پێکدەهێنێ، بەڵام لە فۆرمی دووەمدا خۆی بە بێدوایەکێتی و دیارینەکراویی کایە ئەزموونییەکەوە دەلکێنێ[٣٣].

**٣- شوێن**

**٣-ازەرووره وەك هۆکارێکی لاوەکی**

پلاتۆن سەرەتا بۆ لێکۆڵینەوەی گەردوون دوو ڕەگەزی دیاری کرد: یەکەم بوونی ئەزەلی وەك سەروێنە، دووەم ئارایی وەك دەروێنەی سەروێنە. بەڵام پلاتۆن هاوکات لە «تیمایۆس»دا دەبێژێ، کە ئەم دوو ڕەگەزە بەس نین بۆ زانینی گەردوون. ئێمە لە لێکۆڵینەوەی گەردووندا ناچار دەبین «فۆرمێکی ئاڵۆز و تاریك» ڕوون بکەینەوە[٣٤].

ئەم کێشەیە ڕوو دەکاتە خودی تێگەی ئارایی، چونکە هەر شتێك، کە لە ئارادا بێ، هەمیشە پێشمەرجێکی هەیە. بەڵام «دیالێکتیکی بوون» لە لای پلاتۆن ناتوانێ ئەم پێشمەرجە ساغبکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئێستا پلاتۆن بە یاریدەی «ئەفسانەی ئارایی» هەوڵ دەدات «وێنەی تێکەڵێك لە بوون و نەبوون بدۆزێتەوە»[٣٥]. لەم ڕوانگەیەوە پلاتۆن ئارایی ڕێکخراوی گەردوون وەك تێکەڵێك لە ئەقڵ و زەرووره دیاری دەکات؛ هەردووکیان دوو هۆکارەکەی گەردوون پێکدەهێنن: ئەقڵ وەك هۆکاری سەرەکی و زەرووره وەك هۆکاری لاوەکی. پلاتۆن جیاوازی لە نێوان دوو شتدا دەکات: لە لایەك ئەوە، «کە بەڕێی ئەقڵەوە هێنراوەتە ئاراوە»، لە لایەکی دی ئەوە، «کە بەڕێی زەروورەوە دێتە ئاراوە»[٣٦]، بەڵام ئەوە ئەقڵە، کە بڕوا بە «زەرووره» دەهێنێ، بۆ ئەوەی ئەو شتە، کە خۆی لەنێو دروستبووندا دەبینێتەوە، بخاتە باشترین دۆخەوە و گەردوونیش لە سەرەنجامدا، واتا بەهۆی ئەم قەنائەپێهێنانەی زەروورەوە، دێتە ئاراوە.

لەم ڕوانگەیەوە «خوای ئاقڵ، زەرووره دەخاتە خزمەتی مەبەستی باڵای ڕێکخراوی گەردوونەوە»؛ بەدووی ئەمەدا ئیتر خوا بە هیچ شێوەیەك «خاوەن و ڕێکخەری گەردوون نییە»، ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە «لەپاڵ هۆکاری ئاقڵدا هۆکاری زەرووره هەیە»[٣٧].

پلاتۆن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هۆکارەی دووەم لە نوێوە سەرەتا دەگرێتەوە، لێرەشدا لە سروشتی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، لە دۆخە سەرچاوەییەکانیاندا پێش سەرهەڵدانی گەردوون دەڕوانێ. وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، پلاتۆن تێگەیشتنێکی ماتماتیکیی-مەزەنەیی دەربارەی گەردوون هەیە. پنتی دەرچوونی ئەو بۆ ئاوەڵاکردنی ئەم کێشەیە بریتییە لە دوو جۆر سێگۆشەی گۆشەوەستاو، کە سەرەتا هەبوون: سێگۆشەیەك وەك نیوەی چوارگۆشە و سێگۆشەیەك وەك نیوە سێگۆشەی هاولا[٣٨]. خوای ئاقڵ لەم دوو سێگۆشە ڕەسەنەوە چوار جەستەی ڕێکخراو (منتظم) دروست دەکات و هەر یەکەیان جەستەی چەندڕووبەریی (پۆلیئێدەر = کثیر السطوح) جیاواز پێکدەهێنن. گەردیلەی (ئەتۆمەکانی) چوار توخمەکە لەم چەند ڕووبەرییانە پێکدێ. گەردیلەکانی ئاگر، کە سووکترینن، فۆرمی چوارڕووبەرییان هەیە (تێترائێدەر)، گەریلەکانی هەوا فۆرمی هەشتڕووبەرییان هەیە (ئۆکتائێدەر)، گەردیلەکانی ئاو فۆرمی بیستڕووبەرییان هەیە (ئیکۆزائێدەر)، بەڵام گەردیلەکانی ئەرد، کە کێشدارترینن، فۆرمی شەشڕووبەرییان هەیە (هێکسائێدەر = شەشپاڵو). لە ڕوانگەی

پلاتۆن ئەرد بەهۆی ئەم فۆرمە شەشپاڵووییەی گەردیلەکانییەوە نەبزۆکترینی چوار توخمەکەیە و لێرەشەوە چەسپترین بناغە پێکدەهێنێ. لێرەوە ئەو پرسیارەش ڕوون دەبێتەوە، کە بۆچی پلاتۆن زەمین دەخاتە سەنتەری گەردوونەوە.

جیاوازییەکانی نێوان چوار توخمەکە و هەڵوێستی ڕاکێشهێزیان دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازییەکانی فۆرم و قەوارەی سێگۆشە توخمییەکان، کە لێوەیان ڕووبەرەکان دروست بوون[٣٩].

کەواتە چوار توخمە سەرچاوەییەکە لە ڕوانگەی پلاتۆنەوە سەرچاوەیی نین، ئەویش چونکە سرەوتوو نین. ئەوە ئێمەین کە بەهەڵە وەك سەرچاوەیی دەیان بینین. ئەم توخمانە بەرێی هەڵوەشانەوەیانەوە، بەرێی ڕوونبوونەوە و چڕبوونەوەیانەوە، بۆ نێو یەکتری دەگۆڕدرێن، بۆیە تەنها نیشانەن بۆ «ئەوها-دروستبوویەك»[٤٠]. بەڵام کێشەی ئەم ئەوها-دروستبوونانە یان دۆخگۆڕییانە لەوەدایە، کە نەشیاوە بەبێ هەڵگرێك ڕوو بدەن. پلاتۆن لێرەوە ڕوو دەکاتە ئەو «شتە»، کە لە نێویدا هەر دەرکەوتن و دیارنەمانێکی توخمەکان ڕوو دەدات، ئەم شتەش بریتییە «لە (X)ێکی نەگۆڕ کە هیچ کامێکیان نییە» و دەتوانێ ئەم توخمانە، کە لە دژی یەکتری هەڵوێست دەنوێنن، بگرێتە خۆ[٤١]. ئەم شتە نەگۆڕە بریتییە لە «شوێن». چۆن پلاتۆن «فیزیك بۆ ئەندازە» دەگەڕێنێتەوە، ئەوهایش «ئەستوو بۆ شوێن»[٤٢]. بەڵام سەرەتا، پێش ڕێکخستنی گەردوون، هەر یەکەی توخمەکان لەنێو شوێنی جیاواز و تایبەتمەندیاندا بوون. دوای ئەوەی خوا فۆرم و ژمارە بەم توخمانە دەدات، «بە جوانترین و باشترین شێوە» پێکەوەیان دەلکێنێ، ئیتر لێرەوە گۆڕان بەسەر هەڵوێستیاندا دەهێنێ. «کەواتە ئەو دوو سێگۆشەیە»، کە خوا لێوەیان جەستەکان دەهێنێتە ئاراوە، «جوانترین فۆرمن»؛ خوا لەبەر ئەم جوانترین جوانییەیان لە «دروستکردنی گەردووندا» بەکاریان دەهێنێ[٤٣].

### ٣-٢ شوێن وەك هەڵگرە نادیارەکەی ئارایی

شوێن یان ئەو نادیارە چییە کە سەرجەم ئارایی هەڵدەگرێ؟ پلاتۆن هەوڵ دەدات بە یاریدەی لێچواندن (ئەنالۆژی) ئەم هەڵگرە نادیارە ئاشکراتر ڕوون بکاتەوە، لێرەشدا وەك «لەوێوە»یەك بە زێری دەچوێنێ. مرۆڤ دەتوانێ لە زێرەوە سەرجەم فیگورە شیاوەکان بفۆرمێنێ، بەڵام ئەم فیگورانە تەنها بریتین لە «ئەوها-دروستبوو-یەك». ئەوەی لە گۆڕینی ئەم فیگورانەدا وەك نەگۆڕ دەمێنێتەوە، کەرەسەی زێرە، چونکە خۆی فۆرمی نییە. هەروەها ئەو فیگورانە، کە سەرهەڵدەدەن، تەنها دەروێنەی سەروێنەکانن[٤٤]. کەواتە ئێمە لێرەدا بە سێ ڕەگەزەوە بەندین: یەکەم ئەوەی کە «دەبێ»، واتا دێتە ئاراوە، دووەم ئەوەی کە «لەنێویدا» شتێك دەبێ (یان شتێك دێتە ئاراوە)، سێیەم ئەوەی کە وەك سەروێنە وەردەگیرێ و لێوەی شتێك وەك دەروێنە دەفۆرمێنرێ. بەڵام کاتێك سەروێنە نەشیاوی پێرسەپتکردنە، هەروەها کاتێك ئارایی (گەردوون) تەنها ئۆبژێکتی پێرسەپتکردنە، ئەوە ڕەگەزەکەی سێیەم، کە پلاتۆن ناوی شوێنی لێ دەنێ[٤٥]، نە فۆرم و نە چۆنێتیی هەیە، هەروەها ناکەوێتە ژێر ڕکێفی دۆخگۆڕییەکانەوە و هاوکات وەك هەڵگرێکی نادیار سەرجەم ئارایی لەخۆ دەگرێ. جگە لەمە شوێن نەشیاوی پێرسەپتکردنە و زۆر بە زەحمەت شیاوی «لێهزرینە».

بەڵام دەبێ جارێ لێرەدا پەیوەست بە پرسیاری شوێنەوە بووەستین و لە دۆخی چوار توخمەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا، پێش ڕێکخستنی گەردوون، بڕوانینەوە. شوێن لە ڕوانگەی پلاتۆن بە پێچەوانەی کات کە لەتەك سەرهەڵدانی گەردووندا دێتە ئاراوە، هەڵگری دۆخگۆڕییەکانی توخمەکان بووە. بەڵام کە ئەم توخمانە بە نارێکخراوی و شێواوی لەنێو شوێندا بۆ نێو یەکتری گۆڕراون، ئەوە ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوە، کە شوێنیش وەك هەڵگریان بە شێوەیەکی ناهاوتا لە لایەن ئەوانە «ڕاژەنراوە»، یان لە لایەن ئەوانەوە بزوێنراوە و ئەویش ئەوانی بزواندووە، ئەمەش «بە ئەنجامێکەوە، کە پێش هەر ڕێکخراوێکی شیاوی گەردوون شێوەیەکی پێشرێکخراویی چوار توخمەکە دێتە ئاراوە، وەك چۆن شتێکی بەو چەشنە شیاوی ڕوودانە گەر خوا لەوێ نەبێ. مرۆڤ

کەواتە دەتوانێ گریمانی ئەوە بکات: گەر خوا خۆی دەست بنێتە نێوییەوە، ئەوسا ئیتر لەم پێشرێکخراوییەوە رێکخراوی راستەقینەی گەردوون بەپێی فۆرم و ژمارە دێتە ئاراوە»(٤٦)، واتا رێکخراوێکی ئەوتۆی گەردوون سەرهەڵدەدات، «کە بەگشتی تایبەتمەندییەکی ماتماتیکیی هەیە. کەواتە مەسەلەکە ئەوها نییە، کە خوا دروست نەکات (...) و تەنها نارێکخراویی رێکبخات، بەڵکو خوا ئەوە رێکدەخات، کە پێشرێکخراوییەکی هەیە، واتا ئەو بەندە بە قەوارەیەکی بەو چەشنەوە، کە پێشتر بە زەروورە رێکخراوە(٤٧).

ئێمە گەرەکە لێرەوە رووبکەینەوە شوێن وەك هەڵگری نادیاری گەردوون یان هەڵگری سەرجەم ئەستوو. بەڵام روونکردنەوەی پوختتری شوێن سەرلەنوێ شیکاریی دەروێنە زەروور دەکاتەوە، ئەم شیکارییەش «رووەو دوو لایەنمان دەبات: رووەو دەروێنێنراو، کە پێی وێنەکە ئاماژە بۆ سەروێنەکە دەدات، هەروەها نێوەندەکە، کە لە نێویدا دەروێنینەکە روودەدات»(٤٨). کاتێك ئێمە لە دەروێنە دەدوێین، ئەوە مەبەستمان شتێکە، کە «لە لای خۆی نییە، بەڵکو لە ئاماژەداندایە؛ دەروێنە هەمیشە شتێکی دیکە دیاردەهێنێ، هەر بۆیە دەبێ خۆی شتێك بێ، کە جیاواز بێ لەو شتەی کە ئەو خۆی دیاردی دەهێنێ. وێنە بۆ نموونە تەنها بەو رێیەوە وێنەیە، کە وێنەکە ئەو شتە نییە کە ئەو وێنەی دەداتەوە، بەڵکو بۆ خۆی شتێکە. بەڵام وێنەیەك لە لایەکی دیکەوە تەنها کاتێك وێنەیە، گەر ئەو شتە کە بۆ خۆی هەیە دیار نەهێنێ، بەڵکو ئەویدییەکەی دیاربهێنێ. پلاتۆن لەم بونیادە دیالێکتیکییەی وێنەوە ئەو هەڵگرە نادیارە دادەبرێ، کە لە نێویدا هەموو وێنەیەك بوونی خۆی دەستگیر دەکات»(٤٩).

کەواتە گەر دەروێنە هەمیشە لەنێو شوێندا بێتە ئاراوە و تەنها لەنێو شوێندا بۆی بلوێ خۆی بە بوونی ئەزەلییەوە رابگرێ، ئەوە شوێن، پەیوەست بە فەلسەفە دوالیستییەکەی پلاتۆنەوە، دەکەوێتە نێوان کایەکانی ئەزموون و زەینەوە. گەرچی شوێن هەڵگرێکی لەخۆگری گەردوونە، بەڵام خۆی وەك کایەی گەردوونی سێنسی (مەحسوسی) شیاوی پێرسەپتکردن نییە. گەرچی زەرووڕەی ڤێهەیەی (لێرەبوونی) شوێن تەنها بەرێی زەینەوە شیاوی لێهزرینە، کەچی شوێن هەمان پایەگای ئیدێکانی نییە(٥٠)، کە هەمیشە و تەنیا بابەتی هزرن. پەیوەندیی نێوان شوێن و ئیدێ هەمان ئەو پەیوەندییە نییە کە لە نێوان ئیدێ و پێرسەپتکردندا هەیە. «شوێن لە ئیدێ نزیك دەکەوێتەوە، چونکە نادیارە، بەڵام شوێن هەروەها لە کایەی گەردوونی دیار نزیك دەکەوێتەوە، چونکە دیارینەکراوە و ئیدێ فۆرمێکی پێدەدات»(٥١).

**پەراوێزەکان**

1 ) پلاتۆن، بە ئەرەبی ئیفلاتون (٤٢٧ پ.ز. - ٣٤٧ پ.ز.)، بۆ نووسین فۆرمی «دیالۆگ»ی هەڵبژاردبوو. دیالۆگی «تیمایۆس» یەکێکە لە دیالۆگەکانی قۆناغی کۆتایی کارکردنی پلاتۆن. ئەم دیالۆگە لەپاڵ پرسیاری رێکخستنی گەردوون و کێشەکانی کات و شوێندا، لەتەك هەندێك کێشەی دیکەدا خەریکە و نابن بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان. تیمایۆس لەم دیالۆگەدا ئەستێرەناسێکی پتاگۆرییە و لە دیالۆگەکەدا ئەو جێگەیەی هەیە، کە سۆکرات لە دیالۆگەکانی پێشتری پلاتۆندا وەریگرتووە. لە گفتوگۆکاندا تیمایۆس و سۆکرات، کریتیاس و هێرمۆکراتێس، بەشدارن. ئەمان لەپاڵ ئەوەدا کە پێنج بەشەکەی دیالۆگی پۆلیتییا (دەوڵەت یان کۆمار) بەپوختی و کورتی دیاری دەکەن، هەروەها دەربارەی ئەفسانەی ئەتلانتیس دەدوێن، واتا لەو دورگەیە، کە گوایە لە لیبیا و ئاسیای بچووك گەورەتر بووە و ژێر ئاو کەوتووە، هەروەها تیمایۆس چیرۆکی سەرهەڵدانی گەردوون هەتا دروستبوونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە.

2 ) Platon, Timaios 5, 28 a.

3 ) لێرەدا بەندین بە «تیۆریی زانین»ـەوە (نظرية المعرفة). پرسیارەکە روو دەکاتە شیکاریی شیمانەکانی

زانینی خۆیی. سەرەتای هزرین بریتییە لە پێرسەپتکردنەکان (ئیدراکەکان)، کە بەڕێی سێنسەکانەوە دەهێنرێنە ئاراوە. ئەم پێرسەپتکردنانە بۆ پلاتۆن زانین نین، چونکە سێنسەکان تەنها ڕواڵەتی شتەکان بە دەروون دەگەیەنن نەك بناغەکانیان. ئەوە ئەرکی زانینخوازە، کە لێرەوە لەسەر هزرین بەردەوام بێ، هەتا بە بناغەی سەرجەم شتەکان یان بە کایەی ئیدێکان دەگات. هۆش دەبێ لە ئیدێ هەرەمئاساکان و لوتکەکەیان، کە ئیدێی چاکەیە، تێبگات.

4 ) Gigon, Olof u.a.: Platon, Lexikon der Namen und Begriffe, S. 170

5 ) Hoffmann, Ernst: Platon, S. 100

6 ) Ebenda, S. 102

7 ) Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios. S. 9

8 ) Ekschmitt, W.: Weltmodelle. S. 103

9 ) واژەی گریکیی «کۆسمۆس» لە بنەڕەتدا واتای ڕێکخراویی دەگەیەنێ، بە پێچەوانەی «کائۆس»، کە واتای شێواوی، ناڕێکخراوی، دەگەیەنێ.

10 ) Platon, Timaios, 5, 29 a.

11 ) ebenda, 6, 29 e.

12 ) Platon, Philebos 26 b. In: Natrop, Paul: Platos Ideenlehre, S. 340

13 ) بڕوانە:
Natrop, Paul, a.a.O., S. 340f.

14 ) پلاتۆن گەردوون وەك کامیلترینی سەرجەم شتە دروستکراوەکان دیاری دەکات، یان وەك گەردوونی ئەقڵدار، هەر لێرەشەوە و لەبەر ئەم هۆیە دەروونی پێدەدات. دەروون دەبێ لەنێو بینای گەردووندا یەکەم و سەروەر بێ، بەڵام ئەستوو دەبێ دوای ئەو هاتبێ و خزمەتکاری ئەو بێ. بۆیە خوا، پێش دروستکردنی گەردوون، دەروون لە توخمی هەمیشە وەك خۆ ماوە و توخمی بگۆڕ ئامادە دەکات، واتا دەروون وەك توخمێکی سێیەم لە نێوان هەردووکیاندا دادەنێ. لە لایەکی دیکەوە «دەروونی گەردوون» زەرووریيە، چونکە ئەقڵ بەڕێی دەروونەوە نەبێ ناتوانێ خۆی بە شتە ئەستوویيەکان ڕابگەیەنێ، هەر بۆیە دەروون ئەندامێکی نێوەندییە لە نێوان ئیدێ و دیاردەدا، هەروەها وەك ئەم دەروونە گەردوونییە لە لایەك بناغەی سەرجەم بزووتنی ڕێکخراوە و لە لایەکی دی سەرچاوەی سەرجەم ژیانی هۆشەکی و زانینە.

15 ) Platon, Timaios, 34 b

16 ) ebenda, 10, 37 d-e.

17 ) ebenda, 10, 37 d-e.

18 ) ebenda, 10, 38 a.

هەروەها بڕوانە:

Gloy, Karen, a.a.O., S. 70.

19 ) Gloy, Karen, a.a.O., S. 70 .

20 ) Huge, Perls: Plato, seine Auffassung vom Kosmos, S. 146.

21 ) Speiser, Andreas: Ein Parmenides Komentar, S. 51.

22 ) Ebenda, S. 51.

23 ) Gigon, Olof, a.a.O., S. 80.

24 ) Gloy, Karen, a.a.O., S. 60.

25 ) Ebenda, S. 64.

26 ) خوا، بەپێی گێڕانەوەکەی «تیمایۆس»، جەستە بۆ ئەم تەنانەی ئاسمان دەفۆرمێنێ و هەر حەوتیان دەخاتە سەر حەوت سووڕهێڵ. ئەم تەنانە لەپاڵ زەمین و خۆردا بریتین لە ئەفرۆدیت (ڤینۆس)، هێرمێس (مێرکور = ئەتارید)، کرۆنۆس (ساتورن = زوحەل)، زیۆس (یوپیتەر = موشتەری)، ئاریێس (مارس = مەریخ). زەمین لە ڕوانگەی پلاتۆن دەکەوێتە سەنتەری گەردوونەوە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. مانگ بە دەوری زەمیندا و خۆر بەسەر زەمینەوە دەسووڕێنەوە. ڤینۆس و مێرکور لەسەر سووڕهێڵی یەکسان و بە هاوخێرایی لەتەك سووڕهێڵی خۆردا دەبزوێن، بەڵام بە ئاراستەی پێچەوانەوە، کە ئیتر خۆر و ڤینۆس و مێرکور دەکەونە هاڤرکێی بۆردانەوەی یەکتری. هەروەها پلانێتەکانی دیکەش دەکەونە سەر سووڕهێڵی تایبەتمەندیان. سووڕقۆناغی ئەم تەنە دیاریکراوانە بریتییە لە پێوەری پێوانی کات.

27 ) بڕوانە:

-Platon, Timaios, 11, 38c – 39e.

-Gloy, Karen, a.a.O., S. 65

28 ) Mason, Stephan F.: Geschichte der Naturwissenschaft in der Entwicklung ihrer Denkweisen, Stuttgart 1961 (XXIV), S. 47f.

29 ) Platon, Timaios 34 b

30 ) Gloy, Karen, S. 67

31 ) Platon, Timaios, 34 b

32 ) بڕوانە:

Gloy, Karen, a.a.O., S. 51

33 ) ebenda, S. 67

34 ) Platon, Timaios, 49 a.

35 ) Hoffmann, Ernst, a.a.O., S. 116.

36 ) Platon, Timaios, 48 a.

37 ) Gadamer, Hans-Georg, a.a.O., S. 25

38 ) پلاتۆن نەیدەتوانی لەم دوو سێگۆشەیەوە کورتکردنەوەی (ڕێدوکسیۆنی) دی ئەنجام بدات، بۆیە وەك پنتی سەرەتاگریی وەریگرتن.

39 ) Jammer, Max: Das Problem des Raumes. Die Entwicklung der Raumtheorien. Darmstadt 1960, S. 14f.

40 ) Natrop, Paul: Platos Ideenlehre. Eine Einführung in den Idealismus, Leipzig 1903, S. 348.

41 ) ebenda, S. 350

42 ) Jammer, Max, a.a.O., S. 15

43 ) Russel, Bertrand: Philosophie des Abendlands, Köln 2002, S. 168.

44 ) لێرەدا مەبەست لەوەیە، کە کەسی فۆرمێنەری هەر فیگورێك، لە ڕوانگەی پلاتۆن لەکاتی فۆرماندندا وێنەی نێو هۆشی خۆی وەك سەروێنە وەردەگرێ و لێوەی فۆرمێکی تایبەتی، بۆ نموونە ملوانکەیەك، بە کەرەسەی زێڕ دەهێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەم فۆرمە دروستکراوە تەنها لە وێنە سەروێنەییەکەی نێو هۆش دەچێ بەبێ ئەوەی هاوشێوەی بێ؛ بە پێچەوانەوە وێنەکەی نێو هۆش هاوشێوەی ئیدێی ملوانکەکەیە، کە هۆش پێش هاتنی بۆ نێو لەش، لە ئەو دنیا لێی ڕوانیوە و ئێستاش تەنها هێناویەتەوە یادی خۆی.

45 ) Platon, Timaios, 52 a.

46 ) Gadamer, Hans-Georg, a.a.O., S. 21

47 ) ebenda, S. 22

48 ) Gloy, Karen, a.a.O., S. 81

49 ) ebenda, S. 20

50 ) Perls, Huge: Plato. Seine Auffassung vom Kosmos. Bern 1966, S. 145.

51 ) ebenda, S. 146

**سەرچاوەکان:**


- Ekschmitt, Werner: Weltmodelle. Griechische Weltbilder von Thales bis Ptolemäus, Mainz 1989.
- Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios, Heidelberg 1974.
- Gigon, Olof u.a.: Platon, Lexikon der Namen und Begriffe, Zürich 1975.
- Gloy, Karen: Studien zur platonischen Naturphilosophie im Timaios، Königshausen+Neumann, 1986.
- Hirschberger, Johannes: Geschichte der Philosophie (Zweitausendeins)
- Hoffmann, Ernst: Platon, Zürich 1950
- Jammer, Max: Das Problem des Raumes. Die Entwicklung der Raumtheorien, Darmstadt 1960.
- Mason, Stephan F.: Geschichte der Naturwissenschaft in der Entwicklung ihrer Denkweisen, Stuttgart 1961 (XXIV).
- Natrop, Paul: Platos Ideenlehre. Eine Einführung in den Idealismus, Leipzig 1903.
- Perls, Huge: Plato, seine Auffassung vom Kosmos, Bern 1986.
- Platon:
    - Timaios.1) in: Sämtliche Werke, Band 5, nach einer Übersetzung von Friedrich Schleiermacher, Hamburg 1987. 2) in: Werke, 7. Band, bearbeitet von Klaus

Widdra, Darmstadt 1972.
- Der Staat, vollständige Textausgebe. Magnus.
- Menon, Hamburg 1951.

- Russel, Bertrand: Philosophie des Abendlands, Köln 2002.
- Speiser, Andreas: Ein Parmenides Komentar, Stuttgart 1959.
- Zeller, Edward: Geschichte der griechischen Philosophie, Magnus. Neuauflage der im Jahr 1883 erschienenen Erstauflage.

**فەرهەنگۆك**

ئەستو: ماتەری (مادە بە ئەرەبی). جیهانی ئەستو واتا ئەو جیهانی ماتەریەی کە ئێمە تێیدا دەژین.

ئەزەلی: هەمیشەیی لە کۆنەوە هەبوو، بە پێچەوانەی ئەبەدی، کە رووەو ئایندە هەمیشەییە.

ئەلتەرناتیڤ: (لاتینی) ڕێگەیەك لە دوو ڕێگە، کە مرۆڤ دەتوانێ هەڵی ببژێرێ. لێرەدا ڕێگەیەکی سێیەمین نییە. کەسێك دەکەوێتە بەردەم ئەڵتەرناتیڤ. ئەو کەسە پێویستە یەکێك لەو دوو ڕێگەیە (شیمانەیە) هەڵببژێرێ.

ئیدێنتیتێ: (لاتینی) یەکایەتی. ئیدێکان لە لای پلاتۆن لەتەك خۆیاندا یەکن.

پێرسەپتکردن: (پێرسەپسیۆن) دەرککردن

تێگە: (بە عەرەبی مەفهوم)

تێز: (یۆنانی / لاتینی) دانانی دەربڕینێکی بنەمایی، کە وەك بناغەی بەڵگەهێنانەوەی دی وەردەگیرێ.

توانست: توانا لە شێوەی هێزە سروشتییەکەیدا.

سەروێنە: هەمیشە بەندە بە دەروێنەوە، کە دیاردەی ناکامیلی سەروێنەیە وەك بناغە. ئەم بناغەیە کامیلە و تەنها بە زەین بابەتی لێهزرینە. (سەروێنە بە عەرەبی: مثل)

شیمانە: (احتمال)

لۆجیك: (یۆنانی) بە عەرەبی «المنطق»، بریتییە لە زانستی هزرینی راست.

لێهزرین: بیرلێکردنەوە.

سێنس: (لاتینی) بە عەرەبی (الحواس)، بە کوردی هەست بەکاردەهێنرێ کە ڕاست نییە.

سێنسی: (مەحسوسی).